ژمارە : ٢٦٨
ڕێکەوت: ٢٨/ گوڵان/ ٢٧٢٣ کوردی

العدد: ٢٦٨
التأريخ: ٢٠٢٢/٥/١٨

## فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە ماددەی (٦٣)ی یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٢٢، یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق، تایبەت بە دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر، ئاماژە بە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٥ ی ٥ ی ٢٠٢٣، بڕیارماندا بە:

**پەسەندکردنی ڕێکارەکانی دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومی و ناحکومییەکان.**

**هاوپێچ/** ڕێکارەکانی دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومی و ناحکومییەکان.

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
**٢٠٢٣/ ٥/ ١٨**

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بەدیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بە گوێرەی پەیوەندیداریتان .
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ کاری پێویست.
- خولاو.

## بەشی یەکەم:
## دانانی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا

**١-:**

**دانانی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا بەم ڕێکارانە دەبێت:**

- ئەنجومەنی پەروەردە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەیەکی پسپۆر دروست دەکەن و بەڕێوەبەری گشتیی ڕای خۆی و ڕای لیژنەکە دەنێرێت وەک پێشنیار بۆ وەزارەت.
- پێویستە ئەو ناوانەی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەسەربەخۆ دەینێرێت لە **(٣)** ناو کەمتر نەبێت، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ دەسەڵاتی هەیە ئەگەر پێشکەشکاران زۆر بن، لیستەکە کورت بکاتەوە تا **(٣)** پاڵێوراو.
- وەزیربە فەرمانی وەزاری بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا دادەنێت و مافی هەیە پاش لێووردبوونەوە، کاندیدەکان ڕەتبکاتەوە و داوای کاندیدی نوێ بکات لە پەروەردەی گشتیی پارێزگاکان یان ئیدارە سەربەخۆکان.
- بۆچوار( ٤ ) ساڵە و بۆ چوار ساڵی دیکەش ئەگەر مەرجەکانی تێدابێت مافی هەیە کە بۆی نوێبکرێتەوە، پاش نوێکردنەوەی دووهەم هیچ جۆرە نوێکردنەوەیەکی دیکە یاسایی و ڕێگە پێدراو نییە.

**٢-:**

**مەرجەکان یان پێوەری پێویست بۆ دانانی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا برتین لە:**

- بروانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت و ئەزموونی لە بواری فێرکردن لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت، واتە دەبێت (٥) ساڵ بەفعلی وانەی ووتبێتەوە یان بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانە بووبێت، ئەمەش بە بەڵگەوە دەخرێتەڕوو.
- دەبێت بە تاوانی ئابڕووبەر حکوم نەدرابێت و سزای بەرزەفتەی (سەرزەنشت) و زیاتری پێنەدرابێت
- ئەگەر مامۆستا بووبێت هەڵسەنگاندنەکانی ساڵانەی ڕەچاو دەکرێت، ئەگەر بەڕێوەبەر یان یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووبێت هەڵسەنگاندنی قوتابخانەی ڕەچاو دەکرێت.

- ( c.v ) ی پاڵێوراو خوێندنەوەی ووردی بۆ دەکرێت و ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزیرەوە چاوپێکەوتنی پاڵێوراوان ئەنجام دەدرێت.
- دەبێت خولی شیاندنی بەڕێوەبەری کردبێت.
- دەبێت شارەزای سیستمی(E.PARWARDA) بێت و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی لە وەزارەت.
- ئەگەر پێشکەشکار هەڵسەنگاندنی هەبوو لەم بوارانە :( پرۆژەی بونیاتنانی تواناکان ) و ( هەڵسەنگاندن لەلایەن مامۆستای ڕاهێنەرەوە) و ( هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا) بەهەند وەردەگیرێت.

**بەشی دووەم:**

**دانانی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.**

**١-:**

**دانانی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەم ڕێکارانە دەبێت:**

- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن، لیستی پاڵێوراوان بۆ بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێشکەش بە وەزارەت دەکات، کە نابێت لە **(٣)** پاڵێوراو کەمتر بێت.
- وەزیر بە فەرمانی وەزاری بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دادەنێت و مافی هەیە پاش لێووردبوونەوە، کاندیدەکان ڕەتبکاتەوە و داوای کاندیدی نوێ بکات لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە وەزارەت.
- بۆچوار( ٤ ) ساڵە و بۆ چوار ساڵی دیکەش ئەگەر مەرجەکانی تێدابێت مافی هەیە کە بۆی نوێبکرێتەوە، پاش نوێکردنەوەی دووهەم هیچ جۆرە نویکردنەوەیەکی دیکە یاسایی و ڕێگە پێدراو نییە.

**٢-:**

**مەرجەکان یان پێوەرەکانی پێویست بۆ بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان :**

- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت و لە ئەزموونی لە بواری پەروەردە لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت، واتە بە فعلی (٥) ساڵ کاری سەرپەرشتیاری کردبێت ئەمەش بە بەڵگەوە دەخرێتەڕوو.

- دەبێت بە تاوانی ئابڕووبەر بەر حکوم نەدرابێت و سزای بەرزەفتەی (سەرزەنشت) و زیاتری پێنەدرابێت.
- ( c.v ) ی پاڵێوراو خوێندنەوەیووردی بۆ دەکرێت و ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزیرەوە چاوپێکەوتنی پاڵێوراوان ئەنجام دەدرێت.
- دەبێت خولی شیاندنی بەڕێوەبەری کردبێت.
- دەبێت شارەزای سیستمی (E.PARWARDA) بێت و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی لە وەزارەت.

**بەشی سێیەم:**

**دانانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری دڵنیای جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و دانانی سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی قەزاو جێگرەکەی**

**١-:**

**دانانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری دڵنیای جۆری و سەرپەرشتیکردن و دانانی سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی قەزاو جێگرەکەی بەم ڕێکارانە دەبێت:**

- بەڕێوەبەری دڵنیای جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان لیستی پاڵێوراوان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دڵنیای جۆری و سەرپەرشتیکردن لە وەزارەت بەرزدەکەنەوە کە نابێت لە (٣) پاڵێوراو کەمتر بێت.
- بەڕێوەبەری گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی وەزارەت بە فەرمانی وەزاری ڕەزامەندی لەسەر دەدات و مافی هەیە پاش لێبووردنەوە، کاندیدەکان ڕەتبکاتەوە یان داوای کاندیدی نوێ بکات لە بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .
- بۆچوار( ٤ ) ساڵە و بۆ چوار ساڵی دیکەش ئەگەر مەرجەکانی تێدابێت مافی هەیە کە بۆی نوێبکرێتەوە، پاش نوێکردنەوەی دووهەم هیچ جۆرە نوێکردنەوەیەکی دیکە یاسایی و ڕێگە پێدراو نییە.

**٢-:**

**مەرج و پێوەرەکانی پێویست بۆ دانانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی قەزاو جێگرەکەی:**

هەمان ئەو مەرجانە دەبێت کە لە ماددەی (٥) ی ئەم ڕێنماییە داهاتووە جگە لە خاڵی (٣) کە چاوپێکەوتنەکەیان لە بەڕێوەبەری گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە وەزارەت ئەنجام دەدرێت.

## بەشی چوارەم:

## دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە حکومییەکان.

**١-دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە حکومییەکان بەم ڕێکارانە دەبێت:**

- ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا پێشنیار دەکات بۆ بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لیستی کاندیدان پێویستە لە (٢) کاندید کەمتر نەبێت و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان بە فەرمانی کارگێڕی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر دادەنێن.
- بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان مافی ڕەتکردنەوەی کاندیدیان هەیە بەمەرجێک پاساوێکی ڕەوای هەبێت.
- بەڕێوەبەری پەیمانگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیمانگەکان بۆ دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری پەیمانگە پەروەردەییەکان ناوی کاندیدان پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەکان دەکات لە وەزارەت کە نابێت بۆ هەر پۆستێک لە (٢) کاندید کەمتر بێت، وەزیر بە فەرمانێک ڕەزامەندی دەدات و مافی هەیە پاش لێووردنەوە لە ( c.v ) کاندیدەکان ڕەتبکاتەوە و داوای کاندیدی نوێ بکات ئەگەر مەرجە یاساییەکانی تێدا نەبوو یان پاساوێکی ڕەوای هەبوو.
- بۆچوار( ٤ ) ساڵە و بۆ چوار ساڵی دیکەش ئەگەر مەرجەکانی تێدابێت مافی هەیە کە بۆی نوێبکرێتەوە، پاش نوێکردنەوەی دووهەم هیچ جۆرە نویکردنەوەیەکی دیکە یاسایی و ڕێگە پێدراو نییە.

**٢-:**

**مەرجەکان یان پێوەرەکانی پێویست بۆ دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەکان :**

- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت و ئەزموونی لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت، واتە بە فعلی (٥) ساڵ مامۆستا بوو بێت، بەڵام بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەم مەرجەی ئەزموونە کەم دەکرێتەوە کە لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت.
- پێویستە کاندید بۆ پۆستی بەڕێوەبەر بەشداری خولی شیاندنی کردبێت.
- نابێت بە تاوانی ئابڕووبەر حکوم درابێت و سزای بەرزەفتەی (سەرزەنشت) و زیاتری پێنەدرابێت.

- دەبێت شارەزای سیستمی (E.PARWARDA) بێت و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پەروەردەی گشتیی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە، هەروەها کاندیدانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری پەیمانگەکان هەڵسەنگاندنیان لە بواری سیستمی (E.PARWARDA) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانانی وەزارەت بۆ ئەنجام دەدرێت.
- ئەگەر پێشکەشکار هەڵسەنگاندنی هەبوو لەم بوارانە :( پرۆژەی بونیاتنانی تواناکان ) و ( هەڵسەنگاندن لەلایەن مامۆستای راهێنەرەوە) و ( هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا) بەهەند وەردەگیرێت.
- لەدوای دیاریکردنیان بۆ بوون بە بەڕێوەبەر پێویستە لە هیچ دامەزراوەیەکی ناحکومی دەوام نەکەن.

**بەشی پێنجەم:**

**بۆ دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە حکومییەکان لە گوند و شوێنە دوورە دەستەکان.**

**١-:**

دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر **لە باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە حکومییەکان لە گوند و شوێنە دوورە دەستەکان** بەهەمان ڕێکارەکانی (بەشی چوارەم ) دەبێت، ئەگەر هاتوو ئەو باخچە و قوتابخانە و خوێندنگەیە بەشی ئەوە کاندیدیان هەبێت کە لە بەشی چوارەمدا ئاماژەپێکراوە.

**٢-:**

**ئەگەر هاتوو باخچە و قوتابخانە و خوێندنگەی گوند و شوێنە دوورە دەستەکان هەمان مەرج و پێوەر فەراهەم نەبوون ئەم ڕێکارانە دەگیرێنەبەر.**

- بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان دەسەڵاتیان هەبێت هەر کاندیدێک لە ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا پێشنیاری دەکات بە بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر دابنێت، ئەگەر هاتوو مامۆستای میلاک یان گرێبەست هەبوو.
- ئەگەر هاتوو مامۆستای میلاک یان گرێبەست لەو شوێنانە نەبوو ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا دەتوانێت مامۆستایەکی وانەبێژ بە تەکلیف پێشنیار بکات بە بەڕێوەبەر یان یاریدەدر (بەگوێرەی ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران) و پێویستە فەرمانی تەکلیفکردنەکە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیەوە دەربکرێت.

## بەشی شەشەم :

## بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان.

**:-١**

**بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوەی پەروەردەی ناحکومی دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت.**

- لانی کەم خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، بەڵام یاریدەدەر دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پەروەردە بێت.
- ئەزموون و کار و چالاکی لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت لە عێراق یان لەدەرەوەی عێراق.
- نابێت بە تاوانی ئابڕووبەر حوکم درابێت .
- هیچ جۆرە پێشینەیەکی تاوانی نەبێت، ئەمەش بە بەڵگە و ئەستۆپاکی بخاتەڕوو.
- دەبێت خولی شیاندنی بینیبێت.
- شارەزایی سیستمی E-Parwarda ی وەزارەت بێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان لە پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
- وێنەیەک لە گرێبەستی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەریوەبەر دەبێت پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ناحکومی پەروەردەی گشتی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بکرێت، بۆ پەیمانگەکانیش پێشکەشی بەڕێوەبەرابەتی گشتی فێرکردنی ناحکومی بکرێت لە وەزارەت.

## بەشی حەوتەم:

**ئەو بەڕێوەبەر و یاریدەدەرانەی لە دامەزراوە پەروەردە حکومییەکانن پێش دەرچوونی ئەم ڕێکارانە:**

- پێویستە مەرجەکانی دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری سەرجەم ئەو دامەزراوە پەروەردەییە حکومییانەی لەم ڕێکارانە هاتوون، لەماوەی (٤) ساڵ لە دەرچوواندنی ئەم ڕێکارانە بەسەر ئەوانە جێبەجێ بکرێت کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێکارانە بەڕێوەبەرن یان یاریدەدەرن.
- لە رۆژی ٢٧ ی ٢ ی ٢٠٢٣ وە کە رۆژی بلاوکردنەوەی( یاسایی پەروەردە و فێرکردن- هەرێمی کوردستان ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠٢٢) ە ، دەستپێکی چوار ساڵی ئەو بەرێوەبەر و یاریدەدەرانەیە کە هێشتا چوار ساڵی یەکەمیان تەواو نەکردوە ، هەروەها دەستپێکی جاری دووهەمی هەموو ئەو بەرێوەبەر و یاریدەدەرانەی

کە جاری یەکەم واتە چوار (٤) ساڵی یەکەمیان تەواوکردووە و لە دوای ٢٧ ی ٢ ی ٢٠٢٧ بەهیچ جۆرێک بۆیان نوێناکرێتەوە.

- ئەم بابەتە (بەڕێوەبەری پەروەدەی قەزا، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆر ی و سەرپەرشتیکردنی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و یاریدەدەرەکەی، سەرپەرشتیاری یەکەم و جێگرەکەی، هەروەها بەڕێوەبەر و یاریدەدەری پاخچە- قوتابخانە- قوتابخانە- پەیمانگە حکومییەکان) دەگرێتەوە.

**بەشی هەشتەم:**

**خولی شیاندن**

**خولی شیاندن بۆ دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان و ناحکومییەکان بەم جۆرە دەبێت:**

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەتوانن ساڵانە بە بەردەوامی خولی شیاندن بکەنەوە و ڕاگەیاندنی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی مافی بەشداربوون بە دادپەروەرانە بۆ هەموو ئارەزوومەندان فەراهەم بکرێت.

٢- بۆ مامۆستایانی میلاک و گرێبەست و وانەبێژان و سەرپەرشتیاران بەبێ بەرامبەرە و لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان دەبێت.

٣- خولەکە نابێت لە (١٤) کاتژمێر کەمتربێت.

٤- بۆ وانە وتنەوەی خولی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان دەتوانن سوود وەربگرن لە ئەزموونی مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆرانی بواری کارگێڕی کە شارەزابن لە بواری پەروەردەش، یان هەر کەسێکی دیکە کە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان بڕیاری لێبدات پاش دڵنیابوونەوە لە توانا و شارەزایی و لێهاتوویی ئەو مامۆستاییەی کە وانەکان دەڵێنەوە.

٥- دەبێت ئەو مامۆستایەی کە وانەکان دەڵێتەوە پرۆگرامێک یان لایەنی کەم نامیلکە یان پریزەینتەیشن یان چەند (محاضرة)ی زانستی هەبێت پێشکەشی بکات، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان ڕەزامەندی بدەن لەسەر پرۆگرامەکەی یان لەسەر (محاضرات)ەکانی بەجۆرێک کە سوودی هەبێت.

٦- پرۆگرامی خولەکان دەبێت ڕەچاوی ئەوەی تێدابکرێت کە زانیاری و شیاندنەکانی بۆ کاروباری بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و سەرپەرشتیاری یەکەم و بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری

سەرپەرشتیکردن و جێگرەکەی و بەڕێوەبەر و یاردەدەر و باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەکان تێدابێت.

٧- بۆ خولی شیاندنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر (باخچەی منداڵان - قوتابخانە - خوێندنگە - پەیمانگە) ناحکومییەکان، دامەزراوەکە بڕە پارەی خولی شیاندنی لە ئەستۆ دەبێت کە ٥٠% بۆ مامۆستای وانە وتنەوەی خولەکە ٥٠% ی بۆ تێچووی لۆجستی خولەکە دەبێت، بۆ هەر کەسێک نابێت لە **(٢٠٠)** هەزار دینار زیاتر بێت.

**بەشی نۆیەم :**

**کۆتا پێهێنانی کاری بەڕێوەبەر و یاریدەدەرانی دامەزراوە پەروەردەییە حکومی و ناحکومی.**

**بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا و بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری سەرپەرشتیکردنی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکەی و سەرەپەرشتیاری یەکەم و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە حکومیەکان لەم بارانەدا کۆتایی بە ئەرکەکانیان دێت:**

١- کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی بۆ هەر یەک لەو پۆستانە (٤) ساڵە و (٤) ساڵیش مافی درێژکردنەوەی هەیە بە فەراهەم بوونی مەرجەکان.

٢- ساغبوونەوەی ئەوەی کە ناتوانێت ئەرکەکانیان بەجێ بهێنت لەبەر هەر هۆکارێک بێت.

٣- دەست لەکارکێشانەوەی ئارەزوومەندانەیە.

٤- سزادان بەتاوانی ئابڕووبەر.

٥- سزای کارگێڕی کە لە سەرزەنشت و زیاتر بێت.

٦- بەڕێوەبەری باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە ئەگەر (٢) ساڵ لەسەر یەک لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی دامەزراوەکەی ئاستێکی نزم بەدەست بهێنێت کە مەبەست لە ئاستی یەکەمە.

٧- لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان ئەگەر بەڕێوەبەر پابەند نەبوو بەیاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پەروەردە و فێرکردن (**بەشی فێرکردنی ناحکومی**)، هەروەها بە فەرمانەکانی وەزارەت کە بنەمای یاسایی هەبێت وەزارەت داوا لە خاوەنی پرۆژەکە دەکات پاش ئاگادارکرنەوەی کە ڕێکاری پێویست بە کۆتایی هاتنی ئەرکی بەڕێوەبەر بگرێتەبەر.

**بەشی دەیەم :**

**فۆرمی پێشکەشکردن بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و سەرپەرشتیاری یەکەم و جێگرەکەی لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان.**

- **فۆرمی پێشکەشکردن بۆ پلەی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا ،** ئەم فۆرمە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەدرێت بەپێشکەشکار ، پێشکەشکار دەتوانێت (c.v) بەوردەکاری زیاتر پێشکەش بکات، هاوپێچی فۆرمەکەی بکات.
- **فۆرمی پێشکەشکردن بۆ پلەی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان**، ئەم فۆرمە لەلایەن بەڕێوەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی وەزارەت دەدرێت بە سەرپەرشتیار، پێشکەشکار دەتوانێت (c.v) بەوردەکاری زیاتر پێشکەش بکات، هاوپێچی فۆرمەکەی بکات.
- **فۆرمی پێشکەشکردن بۆ پلەی یاریدەدەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و سەرپەرشتیاری یەکەم و جێگرەکەی لە پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان** ، ئەم فۆرمە لەلایەن بەڕێوەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەدرێت بە پێشکەشکار. پێشکەشکار دەتوانێت (c.v) بەوردەکاری زیاتر پێشکەش بکات هاوپێچی فۆرمەکەی بکات.
- **فۆرمی پێشکەشکردن بۆ پلەی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری (باخچە - قوتابخانە – خوێندنگە)**، ئەم فۆرمە لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا دەدرێت بە پێشکەشکار. پێشکەشکار دەتوانێت (c.v) بەوردەکاری زیاتر پێشکەش بکات هاوپێچی فۆرمەکەی بکات.
- **فۆرمی پێشکەشکردن بۆ پلەی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری پەیمانگەی حکومی** دەدرێت بە پێشکەشکارئەم فۆرمە لەلایەن بەڕێوەبەری پەیمانگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان دەدرێت بە پێشکەشکار. پێشکەشکار دەتوانێت (c.v) بەوردەکاری زیاتر پێشکەش بکات هاوپێچی فۆرمەکەی بکات.

- **تێبینی : لەسەر بنەمای ئەم فۆرمە کە هاوپێچە ، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاماژەی پێکراوە ، فۆرمێک دیزاین دەکەن کە دەبێت فۆرمەکە  بە دوو نسخە بێت و ژمارەی لەسەر بێت واتە (ترقیم ) بکرێت و لە تۆمارێک بنوسرێت کە دراوە بە کێ و نسخەیەکی لای لایەنی پەیوەندیدار دەمێنێتەوە. دەبێت ئەم زانیارییە سەرەکیانە لە خۆ بگرێت :**

| ز | فۆڕمی پێشکەشکار | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی چواری پێشکەشکار | |
| ٢ | پیشەی ئێستا لەگەڵ شوێنی کارکردن | |
| ٣ | بڕوانامە و بوارەکەی | |
| ٤ | مەبەستی پێشکەشکردن بۆ چ  پلەیەکی ئیدارییە | |
| ٥ | شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا | |
| ٦ | ساڵی لەدایکبوون | |
| ٧ | باری خێزانی | |
| ٨ | ئەزموون لە بواری پەروەردیی بە ساڵ | |
| ٩ | ژمارەی ڕێز و سوپاس- لایەنی پێدەری ڕێز و سوپاسەکە | |
| ١٠ | سزاکان  و جۆرەکەی | |
| ١١ | خولی شیاندنی بەڕێوەبەری | |
| ١٢ | کۆدی  E-Parwarda | |